## ناسر حەسەن:

# سینەمای کوردی لە ئاستێکی بەرز دایە

ناسر حەسەن کە ناسناوی (شێخی درامای کوردی) پێبەخشراوە، ساڵی ١٩٥٠ لەخانەقین لەدایك بووە، ساڵی ١٩٧٠ پەیمانگای هونەری تەواوکردوە، لە ماوەی نیوان ١٩٧٠- ٢٠٠٠ دەیان کاری درامی و بەڵگەنامەیی و تەلەفزیۆنی ئەنجامداوە و زیاتر لە ٥٠٠ گۆرانی کوردی، سریانی، تورکمانی و عەرەبی بۆ تەلەفزیۆن دەرهێناوە و ژمارەیەك زنجیرەی تەلەفزیۆنیشی دەرهێناوە، کە بەناوبانگترینیان زنجیرەی (ژاڵە)یە، هەروەها چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئامادە و پێشکەش کردووە لە بواری هونەری شێوەکاری و شانۆ و سینەما و فۆلکلۆر و کەلتوور وەك دەرهێنەر لە رادیۆی بەغدا کاری کردووە، ساڵی ١٩٧١ وەك دەرهێنەرچووە کاری تەلەفزیۆنی و لە بواری بەرهەمهێنانی فیلمی دیکیۆمنتاری دەربارەی کەلتوور و کەلەپوری و مێژوو و فیلمەکانی بەشدارییان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا کردووە.



ناسر حەسەن سەبارەت بە سینەمای کوردی و فیلمە کوردییەکان پێیوایە، سینەمای کوردی هەنگاوی زۆری ناوە بەرەو پێشەوە، بەڵگەشمان بۆ ئەوە بەرهەمهێنانی دەیان فیلمی سینەماییە لە دوای راپەرینەوە تا ئێستا کە بەشێکی زۆری فیلمەکانیش لە ئاستێکی زۆر بەرزدان و لە فیستیڤاڵە سینەماییە بەناوبانگەکانی جیهان بەشداربوون و چەندین خەڵاتیشیان بەدەستهێناوە، سەرکەوتنی ئەم فیلمانە وایکردووە ببێتە جێی سەرنجی بینەری بیانی بوون، رەنگە هەندێك کەس گلەیی ئەوە بکەن کە هۆڵی سینەمای وەکو پێویستمان نییە، بەڵام سەرکەوتنی فیلم و نەبوونی هۆڵ و بینەری سینەما دوو بابەتی جیاوازن.

سەبارەت بە زیندوو مانەوەی ئەو کارانەی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان پێشکەش کراون و تا ئێستا جەماوەر بە تامەزرۆییەوە سەیریان دەکات ناسر حەسەن دەڵێ: بێگومان ئێستاش کاری زۆر کراوە و بەردەوامیشە لە هەموو بوارەکان سینەما، دراما و شانۆ بەڵام بەرهەمەکانی جاران لای خەڵك زیاتر کاریگەر بوو و جەماوەر خۆی تێدا دەبینییەوە واتە دەربڕی هەستی جەماوەر بوون لەوانە (هەبوونەبوو، لاس و خەزاڵ، ژاڵە) و چەند کارێکی دیکەی سەرکەوتوو و جوان ئەوەی وایکرد ئەمانە بە زیندوویی بمێننەوە ئەو بوو کە ئەو کات هونەرمەند بە راستگۆیی و بەدڵسۆزی کاری دەکرد تەنیا بیری لە خۆی نەدەکردەوە، بەڵکو بیری لەوە دەکردەوە چۆن جەماوەر دڵخۆش بکات و دەربڕی ناخی بینەر بێت، هەروەها بینەریش تینوو بوو بۆ وشەیەك کاریگەری لەناخی بکات.

سەبارەت بەو کارانەی کە ئەنجامیداون و بە باشترین کارەکانی خۆی دەزانێت (شێخی درامای کوردی) هەموو کارەکانی بە خۆشەویست دەزانێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: هەر کەسێك لە بواری هونەریدا کار بکات جا دراما یان مۆزیك وەهەر بوارێکی دیکە بێت خۆشەویستیی بۆ کارەکانی وەك رەنگە، چونکە هەر لە رێگای ئەو کارانەوە ناسراوە و توانیویەتی خزمەتێك بە رەوتی هونەری گەل و وڵاتەکەی بکات، راستە هەر کارێك بۆ سەردەمی خۆی گرنگیی تایبەتی هەیە و رەنگە بۆ کاتی ئێستا پێویست بێت، بەڵام دوای چەند ساڵێکی دیکە بینەر شتی نوێتری دەوێ کە گوزارشت لەو سەردەمە بکات.



گەورەترین دراما لە مێژووی کورد کە زنجیرە درامای (مەمی ئالان) بوو لە دەرهێنانی مامۆستا ناسر حەسەن بووە، لە بارەی (مەمی ئالان) و گەیاندنی پەیامی هونەری خۆی دەڵێ: زنجیرە درامای (مەمی ئالان) لە ۲۰۰۲ کە کاری دەرهێنانم بۆ کرد هێشتا تاوەکو ئێستا بەرهەمێکی مێژوویی بەم قەوارەیە نەکراوە لە مێژووی درامای کوردیدا، کە بۆ یەکەمجارە ۲۵۰ ئەکتەر و ۱۰۰۰ کۆمبارس لەم درمایە بەشدارییان کرد، (مەمی ئالان) باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی ئەفسوناویی مێژووی کورد دەکات، لەو ماوە دوور و درێژەی لە مەیدانی سینەمای کوردی بەسەرم بردووە هەست دەکەم بەشێکی گرنگی پەیامی خۆم گەیاندووە وەك هونەرمەندێك کە گرنگی بە کێشە و ئاریشەکانی میللەتەکەی دەدات لە هەمان کاتدا هەوڵمداوە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی هونەر و کەلتوو، ئەوەی لە توانامدا هەبێت پێشکەشم کردووە و شارەزایی خۆم خستۆتە گەڕ، من زۆر خۆشحاڵم کاتێك دەبینم قوتابییەکانم لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دەبینم وەك بێژەر یان رۆژنامەنووس یان یان پەیامنێر، ئێستاش ئامادەم بۆ هەر هاوکارییەك ئەگەر پێویستیان پێی هەبێ.

سەبارەت بە کارە هونەرییە گرنگەکان کە لە دوای راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱ لە کوردستان بەرهەمهێنراون ناسر حەسەن دەڵێ:

بێگومان بەر لە راپەرینیش هەوڵ هەبوون بۆ پێشکەش کردنی کاری هونەری لە بواری سینەما، بەڵام ئەگەر باس لە بەرهەمەکانی دوای راپەرین بکەین دەبینین بەرهەمی سینەمایی بە کورتە فیلم و دیکۆمێنت لە دەرەوەی کوردستان دەستیپێکرد، سەرەتا بە(تونێل و گەڵەگورگ) و پاشان کە هاتینە ناوکوردستان چەندین فیلمی دیکە بەرهەمهاتن وەك ئاراس رەشید بەهاری سووتاو و مەهدی ئومێد (ئەسپ) جانۆ رۆژبەیانی (ژیان) هونەر سەلیم و دەرهێنەری بەتوانا بەهمەن قوبادی چەندین فیلمی بەرهەمهێنا، هەروەها ئەنوەر سندی بەردەوام کاری جیاجیان هەبوو، دواتر و لەدوای دووهەزاریش شەوکەت ئەمین و حەسەن عەلی و چەند سینەماکارێکی دیکە چەندین کاریان پێشکەش کرد، کە جێگای شانازین و توانیویانە لە رێگای ئەم کارانەوە وابکەن کە سینەمای کورد لە دەرەوە زیاتر بناسریت و چەندین خەڵاتی جیاجیایان بە دەستهێناوە بۆیە وەکو سینەمای جیهانی جێی خۆی گرتووە، ئێمە گەیشتوینەتە فیستیڤاڵەکان ئەوەش کەم نییە، ژمارەیەك فیلمی کوردی گەیشتنە دەیان فیستیڤاڵی سینەمایی لە چەندین وڵاتی جیاجیا. سینەمای کوردی لە ۲۰۰۰ەوە تا ئێستا زیاتر ۳۰۰ خەڵاتی وەرگرتوە کەواتە جێی خۆی کردۆتەوە، بەڵام هێشتا پێویستمان بەپشتگیرییە تاکو بتوانین زیاتر بڕۆینە پێشەوە و لە کاروانە بەردەوام بین و نەوەستین.



# کاناجا ئیمێلی هاوڕێیەکی هاک کردووە

پۆلیسی مۆمبای لە وڵاتی هیندستان دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەگەڵ کچە ئەستێرەی بۆلیۆد کانجانا رانۆت بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی دوای ئاشکرا بوونی ئیمێلێکی ساختە بە ناوی هریسیك رۆشانی ئەستێرەی بۆلیۆد و بڵاوکردنەوەی وێنە و کۆمێنتی سەیر بە ناوی ئەم ئەکتەرە و تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی سەبارەت بەم کەیسە. پۆلیس داوای لە رانۆت کرد لە بنکەی پۆلیس ئامادە بێت، بەڵام پارێزەرەکەی رازی نەبوو، بۆیە لە ماڵی خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، هەروەها بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ رانجولیی خوشکیشی کرد و ئیمێلەکەیشیان پشکنی بەتایبەتی ئەو مەسجانەی لەو ئیمێلەوە بۆی هاتوون کە بە ناوی رۆشانە.

پێشتر چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی ئەوەیان ئاشکرا کرد کە رۆشان بێتاوانە لە دزەکردن و چوونە ناو ئیمێلی تایبەتی رانوت و دوای وردبوونەوە و پشکنینی مۆبایل و لاپتۆپی رانۆت و نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لەسەر قسەکان لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەوەی رانوت رایگەیاندووە تەنیا بۆ ئەوە بووە کە سەرنجی میدیاکان و رۆژنامەنووسان بۆ لای خۆی رابکێشێت، هەروەها ئەوەش سەلمێنرا کە گشت ئەو نامانە لە یەك لایەنە نێردرابوو، ئەویش رانۆت خۆیەتی و هەرچەندە بە بەردەوام نامەی بۆ ریشیك ناردووە، بەڵام ئەو هەمیشە نامەکانی پشتگوێ خستووە و گرنگی پێنەداوە و وەڵامیشی نەداوەتەوە.

راپۆرتەکە ئەوەشی سەلماندووە بە پێچەوانەی قسەکانی رانۆت هیچ وێنەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە لەسەر مۆبایلەکەی و گشت ئەو وێنانەی هەن لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی (Krrish ٣) کە هەردووکیان رۆڵیان تێیدا هەبوو.

شایەنی وتنە رانۆت لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند بوو کە پێوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبوو و بەڵێنی پێدا بوون کە ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بەڵام دواتر ئیمێلەکەی هاك کرد و گشت ئەو نامانەی نێوانیانی سڕیوەتەوە بۆ خۆ دزینەوە لە بەڵێنەکەی.



# کیت هێشتا وەفادارە بۆ لیۆناردۆ

لە نێو ئەکتەرانی هۆلیۆد هەر یەکە لە کیت وینسلتی ناسراو بە (رۆز) و لیۆناردۆ دیکاپریۆی ناسراو بە (جاك) بە دوو هاوڕێی نزیك ناسراون بۆیە لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکانی خولی هەشتا و هەشتەمین فیستیڤاڵی ئۆسکار لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵ چاویان بە یەك کەوت و زیاتر لە هەمووان کاتیان بەیەکەوە بەسەر برد .

لە کاتی راگەیاندنی ناوی لیۆناردۆ وەك براوەی خەڵاتی ئۆسکار یەکەم کەس کە پیرۆزبایی لێکرد کیت وینسلت بوو و بەشێوەیەك زۆر سەیر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و دوای لە باوەش گرتنی چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون و کاتێك لیۆناردۆ وتەکەی پێشکەش کرد فرمێسکەکانی کیت سەرنجی راکێشا و ئاماژەی پێکرد.

پێش راگەیاندنی براوەکانی ئۆسکار کیت بە تۆڕی (BBC) راگەیاندبوو دوای ئەو رۆڵە بێ وێنەیەی لیۆناردۆ لە فیلمی (The Reverant) پێشکەشی کرد ئەگەر خەڵاتی باشترین ئەکتەر بەدەست نەهێنێت ئەوا بە یەکجار بایکۆتی ئۆسکار دەکات، چونکە ئەم ساڵ کەس لە لیۆناردۆ شایستەتر نییە.

شایەنی باسە کیت کە لە ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی ئۆسکاری بە دەستهێنا ئەم ساڵیش پاڵێوراو بۆ خەڵاتی باشترین رۆڵی لاوەکی لە فیلمی (Steve Jobs)، بەڵام نەیتوانی بەدەستی بهێنێت.

# ئەدیل دەبێتە بەهێزترین دایک



ماڵپەڕی (Working Mother)ی ئەمریکی ڕاپرسییەکی ئەنجامدا سەبارەت بە بەهێزترین دایکی کارکەر لە نێو ئافرەتە ناسراوەکانی بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەتی ئافرەتە هونەرمەندەکان و ئەوانەی لە بواری بازرگانی و بیزنسدا کار دەکەن.

دوای وەرگرتنی رای خوێنەرانی، خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی بەریتانی ئەدیل کە بەم دواییە بە گۆرانی (hello) سەرکەوتنێکی مێژوویی و بێ وێنەی تۆمار کرد، توانی نازناوەکە بەدەست بهێنێت، لە پلەی دووەمیش خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی بیونسیە هات کە بەپێی سەرچاوەکانی هەمان ماڵپەڕ لە ساڵی ٢٠١٥ داهاتەکەی گەیشتە نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار، لیستی بەهێزترین دایکە کارکەرەکان بۆ ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەیە بوو:

١- ئەدیل — گۆرانیبێژ
٢- بیونسیە- گۆرانیبێژ
٣- کیت بلانشێت — ئەکتەر
٤- فیۆلا دافیس — ئەکتەر
٥- سیسیل فرۆت کۆتاز- خاوەنی کۆمپانیای فیرمانتل بۆ ریکلام
٦- دۆنا لانجلی- سەرۆکی کۆمپانیای یونیڤەرساڵ بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی
٧- میلیسا مەکارتی- ئەکتەر و بەرهەمهێنەر و نووسەر و دیزاینەری جلوبەرگ
٨- جیل سۆلۆی- نووسر و بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر
٩- کاری ئەندروود — گۆرانیبێژ
١٠- دانا والدن سەرۆکی کۆمپانیای فۆکسی تەلەفزیۆنی

شایەنی باسە ئەدیل کە بە یەکێك لە گۆرانیبێژە هەرە باشەکانی بەریتانیا دادەنرێت و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان، منداڵێکی هەیە لە سایمۆن کۆنیکی خۆشەویستی بە ناوی ئەنجیلۆ جیمس تەمەنی سێ ساڵە .